## پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ لە زانکۆی تەلئەبیب بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە ئەمەریکا
# پشت بە کورد ببەستێ و بەرگری لێ بکات



**خاتوونی پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ ئوستادی زانستی کاروبارەکانی ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی تەلئەبیب و بایەخێکی گرنگ بە کێشەی کورد و عێراق دەدات چەندین دراسە و کتێبی لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان بڵاوکردۆتەوە لەوانە:**

*** ئۆتۆنۆمی کوردستان لە دیدێکی مێژووییەوە.**
*** کوردی عێراق: زەمەنی دەسەڵات.**
*** عێراقی نوێ: تەحددییەکان بونیادنانەوە.**
*** بەعسی عێراق بە دوای ناسنامەدا دەگەڕێ: لە نێوان ئایدۆلۆژی و پراکتیکدا.**
*** شیعە و سیاسەتی بەعس لە عێراقدا**
*** سەدام حوسێن رۆمانێکی ترس**

**پرۆفیسۆر ئۆفرا کە هێشتا لە نووسین و توێژینەوە بەردەوامە زۆر حەز دەکات کتێبەکانی بکرێتە کوردی و خەڵکی کوردستان بە کوردی بیانخوێنێتەوە. هەروەها خوازیاری ئەوەیە رۆژێک دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بێت، گوڵان کە ئەم جاری دووەمە پەیوەندی پێوە دەکات و بۆ چوونەکانی سەبارەت بە رەوشی عێراق و کوردستان وەردەگرێت، ئەمجارەش لەسەر رەوشی عێراق و کوردستان و ناوچەکە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### عێراق پێویستی بە چارەسەری سیاسییە ئەمەریکا جەخت لەسەر رێگەچارەی سەربازی دەکاتەوە

ئەگەر بڵێین هەموو رێگە چارەکان بۆ عێراق راستن یان هەڵەن یەک مانایەکی هەیە، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا نازانرێت پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت و ئایندەی بە کوێ دەگات، هەتا ئێستا بەرنامەیەکی واقعیانە بۆ کێشەکانی عێراق بوونیان نییە، ئەوەی باسی لێوە دەکرێت و، وەک بەرنامە و ستراتیژ پیادە دەکرێت نەیتوانیوە هیچ لە بارودۆخێکی عێراق بگۆڕێت، هەر بۆیە کە ئەمڕۆش باس لە خێراترکرنی هەنگاوەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەکرێت گەشەیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت.

دیاردەی ئەم واقیعەی عێراق پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە دوان:

((من دەڵێم بارودۆخی عێراق پێویستی بە تێکەڵاویەک لە پرۆگرامی سەربازی و سیاسی هەیە، بەڵام ئەمەریکییەکان دەڵێن گرنگی سەرەکی ئەوەیە پشت بە کاری سەربازی ببەسترێت، بەڵام ئەم کارە سەربازییانە نەیتوانیوە هیچ گۆڕانکارییەکی مەدەنی لەسەر ئەمرزی واقیع دروست بکات، هەروەها حکومەتی عێراقیش نەیتوانیوە رێگەیەک بدۆزێتەوە و بە رێگەیەکی یەکگرتوو و پتەو کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات.

ئێستا لە ناو حکومەتی عێراقدا گروپەکان هەر یەکەیان دژایەتی ئەوی دیکە دەکەن، هەموو پرۆژەکان ناتوانرێت لە لایەن حکومەتی مەرکەزی بەغداوە ئیدارە بکرێت، هەر بۆیە دەکرێت حکومەتی عێراق بە لاواز وەسف بکەین نەک بە هێز، ئەم حکومەتەش هەر بەلاوازی دەمێنێتەوە هەتا نەتوانێت بە شێوەیەکی باش ئیدارەی بەرەو پێشەوە چوونەکان بکات و خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان دابین بکات، من لە سەرەتادا

ئاماژەم بەوە کرد ئەم حاڵەتە تێکەڵاوە لە نێوان دوو میکانیزمدا.

ئاشکرایە ئەمەریکیەکان لە سەرەتا هەڵەیەکی گەورەیان بەرامبەر سوپاو حزبی بەعس کرد، سەرەنجامیش هەوڵیاندا بە زیادکردنی هێزی سەربازی کۆنترۆڵی تیرۆریستان بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق لە توانایدانییە درێژە پێدەری کارەکانی ئەمەریکا بێت بۆیە پرۆسەکە بە فاشیلی ماوەتەوە، هەر بۆیە ناکرێت بەتەنیا فەشەلەکە بەهی ئەمەریکا بزانین یان هی حکومەتی عێراقی، بارودۆخەکە بەرئەنجامی کارەکانی هەردوولایە، گرفتەکەش تێکەڵاوی نێوان ئەو مەسەلەیە و کێشەی سەرەکی عێراقیش ئەوەیە و هیچ لایەکیان پێیان چارەسەر ناکرێت.

## مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق وەک مانەوەی بەنزینە لەسەر ئاگر.

ئەوانەی لە چارەسەری هێزەکانی ئەمەریکا بۆ کێشەی عێراق نائومێد بوون، مەترسی زیاتر لە مانەوەی زیاتری ئەم هێزانە دەبینن، بەتایبەتی کۆنگریسمانە دیموکراتییەکان مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە پاڵپشت بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست دەزانن، سەبارەت بەم پرسەش خاتوو ئۆفرا گووتی:

(( من دەزانم ئێوە وەکو کورد حەزتان لەم بۆچوونەی من نییە کە دەڵێم مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق وەک ئەوەیە بەنزین لەسەر ئاگر دابنێیت بەڵام ئەمە بۆ چوونێکە کە زۆر کەس پشگیری لێدەکات و راستیەکە دەبێ قبوڵ بکرێت و هۆکارەکەشی ئەوەیە:

١- ئەمەریکا ناتوانێت بارودۆخی عێراق بگۆرێت.

٢- خۆیشی نایەوێت بارودۆخەکە گۆرانی بەسەردا بێت.

بە بۆچوونی من بارودۆخەکە بە خراپی بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، ئەگەر بیری لێ بکەینەوە کارە تیرۆریستییەکان هەر بەردەوام دەبن، لەم حاڵەتەشدا رۆژانە خەڵک دەکوژرێت بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت سنورێکی بۆ دابنێت هەروەها حکومەتی عێراقیش ناتوانێت کارەکانی خۆی بەرێوەبەرێت، لەم حاڵەتەشدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ گەلانی عێراق ناتوانن بەرپرسیاریەتی وڵاتەکەیان لە ئەستۆبگرن ناشزانن وڵاتەکەیان بەرەو کوێ دەچێت، عێراقییەکان خۆیان بەرپرسیار نازانن و ئومێد دەخوازن ئەمەریکا کارەکانیان لە ئەستۆبگرێت من لەسەر ئەم مەسەلەیەم نووسیوە و ئێستاش بۆ ئێوە قسەی لەسەر دەکەم بەبۆچوونی من ئێستا ئەمەریکا چەندین ئەرکی لەسەرشانە بەڵام پێویستە لە دوورەوە ئەم کارانە جێبەجێ بکات، ئێستا ئەمەریکا پێویستی بەوە نییە لەسەر ئەرزی عێراق بوونی هەبێ بەڵکو ئەوەی لەسەر شانییەتی پێویستە پاسەوانی ئەرزی عێراق بێت لەم حاڵەتەشدا مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە

**ئێستا ئەمەریکا پێویستی بەوە نییە لەسەر ئەرزی عێراق بوونی هەبێ بەڵکو ئەوەی لەسەر شانییەتی پێویستە پاسەوانی ئەرزی عێراق بێت**



**ئێستا لە ناو حکومەتی عێراقدا گروپەکان هەر یەکەیان دژایەتی ئەوی دیکە دەکەن، هەموو پرۆژەکان ناتوانرێت لە لایەن حکومەتی مەرکەزی بەغداوە ئیدارە بکرێت**

ناو عێراق و لە ناو ئەرزی گرفتەکان وەک ئەوەیە بەنزین بە ئاگردابکرێت، یان بەنزین لەسەر ئاگر دابنێیت، من دەزانم ئێوە چاوەرێی ئەم وەڵامە نەبوون لە من گوێ بیستی بن بەڵام ئەمە هەقیقەتە....

## کەس نایەوێت کوردستان سەربەخۆبێت بەڵام بەو فیاکتۆ سەربەخۆیە

لەم بارودۆخەی عێراقدا کە هەموو رێگە چارەکان بەرەو خراپتری ببەن، واتە عێراق بەرەو کۆتایی هەنگاو هەڵدەگرێت و کۆتایی عێراقیش لە دایک بوونی کوردستانێکی سەربەخۆیە، ئایا بارودۆخی نێودەوڵەتی هێندە لە بارە ئەم دەوڵەتە ساوایە پێ بگرێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا خاتو بێنگۆ گوتی:

( هیچ لایەک نایەوێت سەربەخۆیی کوردستان ببینێت، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع دەبینین و لە بارەی عێراقەوە قسە دەکرێت، دەبینین دوو عێراق لەسەر ئەرزی واقیع هەیە، عێراقێکی عەرەبی و عێراقێکی کوردی ئەم دوو وڵاتە سەر لەبەری یەکتری جیاوازن، لە زۆربەی کاتدا جیاوازی نێوان دوو بەشی وەک ئێستای کوردستان و عێراق زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە باسی دوو ئەرک و دوو کاری دوو نەتەوەی جیاواز لە عێراقدا دەکەین، نەک دوو گرووپ، کورد و عەرەب دوو نەتەوەی جیاوازن، بەڵام شیعە و سوننە دوو گرووپی یەک نەتەوەن بەڵام جیاوازن، هەربۆیە جیاوازی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە گەیشتۆتە ئاستێک کە بە بڕوای من ناکرێت باسی عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتووبکەین، لەبەر ئەوەی جارێکی تر مەحاڵە عێراق بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسێن یان بۆ زەمەنی نوری سەعید تا بتوانێت عێراقێکی یەکپارچە بپارێزن.

## کاتی ئەوە هاتووە ئەمەریکا پێویستی بە کوردبێت

بێگومان کورد لەم پرۆسە سیاسیەدا پشتی بە ئەمەریکا بەستووە، بەڵام ئێمە وەکو کورد هەتا ئێستاش دیکۆمێنتێکی راشکاوانەمان لەبەر دەست نییە کە ئەوە بیسەلمێنێت ئەمەریکا پشتی کورد بەرنادات، لەم واقیعە سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان هێندەی ئەگەری مەترسی دەکەوێتە سەر هێندە بەو ئاستە پێ گەشبین نابێت کە بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆیی یاسایی و شەرعی نێودەوڵەتی هەنگاو هەڵبگرێت، دەربارەی ئەم واقیعە و مەزندەکان بۆ ئایندە خاتوو ئوفرا گوتی:

( ئێستا کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی رانەگەیەنراوە، عێراق بە فیعلی دابەش بووە، ئێستا کوردستان پێویستی بەوەیە:

١-رێگەی خۆی بگرێت بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی حکومەتەکەی ئەمە زۆر گرنگە دەبێ حکومەتێکی بەهێز و پێشکەوتووتان هەبێت.

٢- ئێوە خاوەنی دروشم وسیمبولی خۆتان و

بژاڤی نیشتمانی خۆتان هەیە.

٣- ئەوە كارێكی مەحاڵە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت تا دەیان ساڵی دیكە عێراق نابێتەوە بە خاوەنی سوپایەكی بەهێزی ئەوتۆ هەتا بتوانێت كوردستان بكاتەوە بەشێك لە عێراق، بەڵام دیسان ئێوە پێویستیتان بە سوپایەكی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆتانی پێ بكەن

ئێستا زۆر قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەكرێت، بەڵام منیش و خەڵكی دیكەش لەو بڕوایەداین كە جارێكی دیكە ڕەوەڕەوەكە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە ئەوەی لە ڕابردوودا هەبووە دووبارە نابێتەوە.

ئێستا ئەمەریكا حەز ناكات بە ئاشكرا باسی لەبەر یەك هەڵوەشانی عێراق بكات، ئەمەش ڕاستییەكی ئاشكرایەو هۆكاری خۆی هەیە كە لەسەرووی هەموویانەوە پەیوەستە بە پەیوەندی ئەمەریكا لەگەڵ توركیا، بەڵام ڕێگەش لەو بەرەوپێشەوە چوونانەش ناگرێت كە بەم ئاراستەیە دەچنە پێشێ، من پێموایە ئەمەریكا لەسەردەمی كۆمارییەكاندا نایانەوێت دابەشبوونی عێراق بێت، بەڵام لەوانەیە بپرسن ئەی بۆچی لە شوێنی دیكە ئەو هەڵوێستەیان نییە؟ لە وەڵامدا دەڵێم بۆ كوردستان گوشاری عەرەب و تورك، ئەم گوشارانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە عێراق و كوردەوە هەیە، بەڵام لە یوگسلاڤیای پێشوو یان لە كۆسۆڤۆ گوشارەكان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو واقیعەوە نییە، ئەوەش جیاوازی نێوان عێراق و یوگسلاڤیای پێشووە.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش من پێموایە، ئێستا ئەوكاتە هاتوتە پێش ئەمەریكا پێویستی بەوە بێت پشت بە كورد ببەستێت، بەڵام پێویستی ئەمەریكا بە كوردو كوردستان لەوانەیە جیاوازی لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەبێت كە كورد بیری لێدەكاتەوە، ئێستا ئەمەریكا پێویستی بە كوردو پێگەی كوردستانە وەك پێگەیەك بۆ بونیادنانەوەی عێراق و دەیەوێت سەقامگیرترین ناوچەی عێراق بێت، هەر بۆیە ئێستا پێگەی كورد لە سیاسەتی ئەمەریكادا وەك ڕابردوو نییە، بۆیە من بە باشی دەزانم كورد پشتی بە ئەمەریكا بەست نەك لەبەر ئەوەی باشترین دۆست و هاوپەیمانە بەڵكو لەبەر ئەوەی ئەمەریكا پێویستی بەوەیە كە پشت بە كورد ببەستێت.

**توركیا ناتوانێت هێرش بۆ كوردستان بكات لەبەر ئەوەی زۆر ترسناكە**

ئەگەر كوردستان ئەو پێگە گرنگە بێت لە سیاسەتی ئەمەریكا لە عێراقدا، ئەوا ئێستا وەك دەبینن توركیا هەڕەشە لەو پێگە ئارامە دەكات و دەیەوێت پێگەی سەرەكی سەركەوتنی سیاسەتی ئەمەریكا بشێوێنێ، ئەمە وێڕای ئەوەی دەستدرێژییە بۆ سەر كوردو مافەكانی لە هەمانكاتدا دژایەتی سیاسەتی ئەمەریكاشە لە ناوچەكەداو، توركیاش خۆی بە هاوپەیمانێكی نزیك دەزانێت، ئەم حاڵەتە هاوكێشەیەكی ئاڵۆزی دروستكردووە هەر بۆیە شیكاریشی ئاسان نییە.

دەربارەی هەڕەشەكانی توركیا پرۆفیسۆر ئوفرا بێنگۆ گوتی:

«هەتا هەڵبژاردن تەواو دەبێت و حكومەتی تازە پێكدێت هیچ شتێك ڕوو نادات، بەڵام ئەگەر دوای ئەوەش شتێك ڕوویدات، پێموایە زۆر سنووردار دەبێت و لە ناوچە سنوورییەكان و پێگەكانی پەكەكە تێپەڕ ناكات، بەڵام مەزندەی ئەوە بكرێت هێرشێكی فراوان دەكات و كوردستان داگیر دەكات ئەوەیان مەحاڵە لەبەر ئەوەی زۆر ترسناكەو ئەوان نایانەوێت كێشە بۆ خۆیان زیاتر بكەن و هەروەها ناشیانەوێت تەحەدای ئەمەریكاو بەریتانیا بكەن، بە پێچەوانەوە ئەوان هەوڵدەدەن ڕوو لە یەكێتی ئەورووپا بكەن، ئێستا چانسی گەورە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن بەلای پارتی دادو گەشەسەندندایە، ئەگەر سەیری مێژووی ئەم پارتە بكەین دەبینین لە ساڵی«٢٠٠٢»ەوە لەبەر چەندین هۆكار نەهاتۆتە ناو كوردستان و سنووری نەبەزاندووە ئەو ڕایگەیاندووە كە پێویستە پێش ئەوەی هێرش بكرێت دەبێ لە ناو خاكی توركیادا ڕووبەڕووی پەكەكە ببینەوەو نەیهێڵین، هۆكارێكی دیكە ئەگەر هاتووە دەسەڵات لەبەر ئەو ململانێیە لە نێوان سوپاو حكومەتدا دەبێت دیسان ڕێگە نادات هێرش بكرێتەسەر كوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئێمە باسی ئایندە دەكەین و هێشتا ئاكامی هەڵبژاردنەكان دەرنەكەوتووە، بەڵام ئەگەر پارتی دادو گەشەسەندن هەڵبژاردنەكان بباتەوە هەمان سیاسەتی ساڵانی پێشوو پیادە دەكاتەوەو هەر بۆیە ئومێد دەخوازم ئەمجارە پارتی دادو گەشەپێدان واقیعیانەتر لە مەسەلەكە بڕوانێت و لە مامەڵەكردن لەگەڵ پەكەكە تەنیا ڕێگەچارەی سەربازی بە ڕێگەیەكی گونجاو نەزانێت.




**ئەمەریكا حەز ناكات بە ئاشكرا باسی لەبەر یەك هەڵوەشانی عێراق بكات، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی ئەمەریكا لەگەڵ توركیا**

